دوای ئەوەی ئێمە بارەگاکەی تیپی مۆسیقای شەهید کارزانمان چۆڵکرد (کۆتایی 1982)، هەریەکەو لەو دەزگایەی خۆی پێی خۆشبوو دەست بەکاربوو، دووربوین لەیەکتر، ئەوەش ماوەیەکی باشی خایاند تا بارەگاکانی سەرکردایەتی هاتنە سنوری مەڵبەندی دوو، هەندێک بارەگا لە سەرگەڵو جێگیربوون و هەندیکیش لە بەرگەڵو و یاخسەمەر، جارێکی تر هەموومان یەکمانگرتەوە و جەبار فەرمان کە بەرپرسی رێکخراوی دووی کۆمەڵە بوو لە هەڵەدن، بانگی کردین و هەوڵی زۆریدا ڕازیمان بکات کاربکەین، ئێمەش سووربوین لەسەر ئەوەی بڕیارمان لێ دابوو، پێمان وت بەهیچ شێوەیەک بەو شێوەیەی کۆن کارناکەین، لە ڕاستیشدا ئێمە هەر چاوەڕێی ئەوە بووین یەکێتی هونەرمەندان دروست بێت و ئێمەش خۆمان یەکلا بکەینەوە و سەر بەوان ئیش بکەین، بەڵام کاک جەبار پێشنیارێکی سەیری بۆ کردین، پێی وتین کە ئەو دەتوانێت کەپرێکمان بۆ دروست بکات و زۆربەی پێداویستی بارەگامان بۆ دابین دەکات، هیچ کەسێکیش بۆی نەبێ هەقی بەسەرمانەوە هەبێت، دەتوانین بە تەنیا بۆ خۆمان لەو شوێنەدا بین تا هەر بڕیارێک خۆمان بە دڵمانە دەیدەین. نەمانتوانی دژی ئەو پێشنیارە بوەستینەوە، بە سوپاسێکی زۆرەوە قبوڵمان کرد، هەرچاوەڕێ بوین تا یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان دادەمەزرێت، هەرچۆنێک بوو برادەران بە پەلە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانیان دامەزراند و هەواڵ و بەیاننامەی دامەزراندنەکەیان بە زووترین کات گەیاندە دەستمان، ئێمەش دوای خوێندنەوەی بەیاننامەکە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە هەڵبژاردنێکمان کرد و کۆمیتەی شاخمان دامەزراند، وەک ئەوەی لە نامەکەی سەرکردایەتی یەکێتی هونەرمەندان بۆمان پێشنیار کرابوو، تیپی مۆسیقای شەهید کارزانیشمان بە بڕیارێک زیندووکردەوە و بڕیارماندا کاربکەین، دوایی لە بەرگەڵو بارەگایەکمان دروست کرد، دیارە بە هاوکاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بارەگاکەمان دوو ژووری لەسەریەک و سەکۆیەکی بچووکی تیا بوو وەکو مەتبەخ بەکارمان دەهێنا و لە خوار ئەو بەشەش، بە دانانی نەخشەیەکی تایبەت لە لایەن ئاراس و چەن هاوڕێیەک ستۆدیۆیەکی تیا دروستکرا، ستۆدیۆکە بریتی بوو لە ژوورێکی درێژ، لە کاتی هەڵکەندنی بناغەکەدا بەردێکی گەورە هاتە ڕێمان، هەرچیمان کرد دەرنەهات، بۆیە ژوورەکە لە نیوەی بەولاوە بستێک بەرزتر بوو، هەموو دیوارەکانمان بە گوێنی داپۆشی بوو، ژورێکی بچوکیش یان بڵێین بەشێکی بچوکیش جیا کرابوەوە بۆ تەسجیلێکی (بەکرە)

گرۆندیک و جیهازێکی ئیکۆ و میکسەرێک و بابەتی پێویستی بەرهەم تۆمارکردن، پەنجەرەیەکی شووشە لەبەینی ئەم ژووره بچوکە و هۆڵە گەورەکەدا هەبوو،هەموو جارێک ئاراس لە پێش پرۆڤە دەستپێکردندا، هەموو شتێکی دادەمەزران بۆ ئامادەبوون بۆ تۆمارکردن و ئینجا دەهاتە ژووری ستۆدیۆکە بۆ ژەنینی ئامێرەکەی، لەبەر کەمی ژەنیار لەیەکێک لەبەرهەمەکاندا ئاراس دوو ئامێری مۆسیقای لێئەدا، کەمان و گیتار، شوان و حاجی (کاروان ئەحمەد قادر) لە ژێر مایکرۆفۆنەکە بە هێمنی دانیشبوون و زۆر بە بێدەنگی ئامێرەکانیان ئاڵوگۆڕ پێ دەکرد و یەکێکیان ئەدایەو یەکێکیان لێ وەردەگرت تا هەموو بەرهەمەکە تۆمارکرا، هەموو کارکردنی تۆمار کردنەکەیشمان پشتی بە کارەبا دەبەست، کارەباش تەنیا لە رێی مەولیدەوە بوو، ئێمە مەولیدەیەکمان کڕی بوو، مەولیدەش بەنزینی دەویست، ئەوەش تەگبیرکرا، ئێمەش دەست بەکاربووین، بەڵام مەولیدە لە کاتی ئیشکردندا زەبزەبەکانی هەمیشە جێگیر نەبوون، دەمێ بەرز بوو، دەمێ نزم بوو، زۆر جار بەرهەمێکمان تۆمار دەکرد، هەموو شتێک بە باشی دەڕۆیشت، کاتێ لێمان دەدایەوە، زۆر خێراتر تۆمار کرابوو لەوەی لێمان دابوو، بۆیە دەبوایە سەرلەنوێ دووبارەی بکەینەوە، ناچار بووین جیهازێکی (هێرتز) مان کڕی کە زەبزەبەی پیشان ئەدا، لە ماتۆڕەکەمان بەست و هێنامانە ژووری ستۆدیۆکە، بۆ ئەوەی لە کاتی تۆمارکردندا چاوێکمان لەسەر ئەو جیهازە بێت بزانین زەبزەبەکە تەواوە و بەردەوام بین یان وازبێنین و دووبارەی بکەینەوە.

## گرفت و کێشە

دروستبوون و کارکردنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەبارێکی زۆر سەخت و گراندا بووە، جگە لە بوونی لەناو مەیدانی شۆڕشدا، کە ئەوە بۆخۆی زەحمەتترین ئەرکی دەخستە رێی ئەو تیپە، تیپەکە سەر بە ڕاگەیاندنی یەکێتی بوو، بۆیە کوت ومت وەک کەرتێکی پێشمەرگە هەڵسوکەتی بەرامبەر دەکرا، هەرچیمان کرد نەمانتوانی ئەو خوارییە ڕاست بکەینەوە، چونکە ئەوەی دەمان وت، بیسەری نەبوو، جگە لەمەش کۆمەڵێک کێشەی قورسی تر ڕووی تێکردبوو لێرەدا دەمەوێت باسی هەندێک لەو کێشانە بکەم:

### یەکەم:

زۆربەی برادەرانمان لە دامودەزگاکانی تردا پێشمەرگەبوون و تەنیا لەکاتی تۆمارکردندا دەمانتوانی هەموومان کۆببینەوە و کاربکەین، بۆ نموونە ئاراس ماوەیەک لەسەر بێسیم بوو، ماوەیەک پێشمەرگەبوو لە تیپی 47ی پیرەمەگرون و لە ڕاستیدا وەکو ئامر مەفرەزەیەک کاری دەکرد، شوان هەر لەسەرەتاوە وەکو بێژەرو نووسەری زمانی عەرەبی لە ئیزگە بوو، ڕزگاریش دیسان وەکو شوان هەر لەسەرەتاوە لە ڕاگەیاندن کاری دەکرد، منیش ئەندام کەرتی کەرتی ڕێکخستنی دوکان بووم و ئەندام کەرتی پۆلی پێشمەرگە بووم لە تیپی 47ی پیرەمەگروون، خوالێخۆشبوو حەمە جەزاش لەبەری شارباژێڕ و عەبدولقادر حەسەن و سەلام ئەحمەد فارسیش

لە مەکتەبی عەسکەری بوون و ڕەنگە شوێنی کارکردنی هەر هەمویانم لەیاد نەبێت بۆیە تەنیا ئەوانەم باسکرد کە دڵنیام لێیان، ئەمەش ئەرکی کۆکردنەوەی هەمووومانی گرانتر دەکرد، هەرچەندە هەمـوودەزگاکان لـە کاتی پێویستیدا بەتەواوی هاوکارییان دەکردین.

**دووەم:**

کەمی هونەرمەندان لەڕیزەکانی شۆڕشدا و ئەوانەی کە توانای هونەریان هەبووە ئەزموونێکی کەمیان بە دواوە بووە، ئەوەش لەئەنجامدا وای کردووە هەم ژمارەیان کەم بێت، هەم بێ ئەزموونییش ئەرکی سەرشانی قورستر کردوون، جگە لەوەی هونەرمەندان لە شار هەموو ڕۆژێک یەکتر دەبینن و ئەگەر مەسەلەیەک بەرۆکیان بگرێ، بەئاسانی دەتوانن لەرێگای وتووێژەوە باشتر لێی تێ بگەن، تەواوکەری یەکتر بن، ئەم حاڵەتە لە شاخ بەو فراوانیە نەدەلوا و مومکین نەبوو، ئەوەی شایانی باسە لە هەموو برادەران بە ئەزمونتر تەنیا ئاراس بووە وەکو ژەنیارێکی بەتوانا بەشداری کردووە لە تیپی مۆسیقای سلێمانی و تیپی زانکۆ و تیپی چالاکی قوتابخانەکاندا، دوای ئەویش هوشیار لەزۆربەی ئەو تیپانەدا بەشدار بووە و ئەزموونێکی درێژی کۆکردبوەوە، باقی هونەرمەندانی ژەنیار و گۆرانیبێژ جگە لە حەمەجەزا و عەبدولقادرحەسەن وسەلام ئەحمەد فارس یا وەکو بەشدار یا وەکو هەواداری هونەر، ئەزمونێکی کەمتریان هەبووە.

**سێیەم:**

بوونی ئامێری مۆسیقای پێویست و بارەگا و ستۆدیۆی ئیشکردن، ئەمەش پێویستی بەوە نیە باسی بکەم چونکە هەموو کەسێک دەزانێت کە ئامێرت نەبوو، ستۆدیۆت نەبوو واتە تیپ بێ بەرهەمە، بۆ ئەم مەبەستە دووجار ناچاربووین بە هاوکاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕۆین ئامێر بکڕین، جاری یەکەم ئاراس چووە لە تاران وەجبەیەکی کڕیوە، جاری دووەمیش من بە قاچاخ هاتومەتەوە ناو شاری سلێمانی لەگەڵ فەرەیدوون دارتاش بەرەو بەغداد بەڕێکەوتوین و لە [سوق الثلاثاء] ترامپێت و بێزگیتار و موەلیدەیەک و هەندێ ئامێری ترمان کڕیوە، من ئەرکی نەقڵکردنەکەم لەسەر شان گرتووە و بەجێب گەیاندومەتە قزلەر و لەوێوە بە وڵاخ لەگەڵ قاچاخچیدا گەیاندومەتەوە زەڵێ، بە داخەوە لە ڕێگا دەسکی بێزگیتارەکەمان شکا لەو شوێنەی ژێکانی لێ دەبەسترێت، هوشیار و سالار و شوان و ئاراس، بە وردی، توانیان بەهەر شێوەیەک بێت چاکی بکەنەوە و بتوانین بەکاری بێنین، بەڵام هەمیشە دەبوایە زوو زوو کۆکی بکەینەوە بۆ ئەوەی ئامادەبێت بۆ ژەنین، چونکە کۆکەکەی دوای ماوەیەک دادەبەزی.

**چوارەم:**

نەبوونی کارەبا کێشەیەکی زۆر گەورەبوو، بۆیە پشتمان بە موەلیدە دەبەست موەلیدەش بەنزینی دەویست دەبوایە پەیدا بکرایە، زۆرجار لەبەر نەبوونی بەنزین چەندین مانگ کارەکانمان

دەوەستا، لەو کاتەی کە ئێمە تیپەکەمان کرد بە بەشێک لە کۆمیتەی شاخی سەر بە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، بەم هۆیەوە دەبوایە خۆمان بەنزین پەیدا بکەین ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو چونکە هیچ بڕە پارەیەکمان بەدەستەوە نەبوو، بیرم دێت جارێکیان بەرزانی قالەی خەڵوز بڕێکی باش بەنزینی بۆ ڕەوانە کردین، بەوەی لەهەر ئۆتۆمبیلێک کەمێک بەنزینی داوالێکردبوون وەکو هاوکاری، هەرچەندە ئەوەش زۆر لەسەری کەوتبوو، توانیمان کۆمەڵێ بەرهەمی پێ تۆمار بکەین، بۆیە من خۆم بەقەرزاری ئەو پێشمەرگەیە دەزانم و لەڕاستیشدا زۆربەی زۆری پێشمەرگە و کادیران زۆر هاوکاریان دەکردین و دەیانویست بەردەوامبین، ئەمەش خۆی بۆ خۆی پشتگیریەک و هاندەرێکی باش بوو بۆ ئێمە.

**پێنجەم:**

بەهۆی تۆپباران و قەسفەوە، چەندین جار ناچار بووین تۆمارکردنی هەندێ لەبەرهەمەکانمان دووبارە بکەینەوە، کە دەبووە مایەی هیلاکیەکی زۆر.

**شەشەم:**

تیپ بە هیچ شێوەیەک دەنگی گری تیا نەبوو بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، برادەران منیان ناچارکرد بێز گیتار بژەنم لەکاتێکدا من جگە لە ئامێری کەمان و ڤیۆلا شارەزاییم لە ژەنینی هیچ ئامێرێکی تردا نەبوو، بۆمن زۆر گران بوو، تواناو ئاراس هەندێک لەگەڵم خەریک بوون و ئامادەیان کردم و منیش بڕیارم دا بە جدی کاربکەم و بەردەوام بم، بەڵام لەبەرئەوەی پێداویستیەکانمان نوقسان بوون، بۆیە کاتێک کە گیتارەکەم دەژەنی من گوێم لە هیچ نەدەبوو، چونکە بە وایەرێک بەسترابۆوە بە میکسەرەکەوە، ئەمپلیفایەرمان نەبوو تا بتوانم گوێم لە ژەنینەکەی خۆم بێت، ڕۆژێک گۆرانیەکمان تەواو تۆمارکرد و کاتێ گوێمان لێگرتەوە ئاراس وتی دەنگی بێزگیتارەکەی تیا نیە، برادەران شتێک توڕەبوون و وتیان بۆ نەتژەندووە؟! منیش هەرچەن وتم وەک ئەوەی نوسیمەتەوە وا ژەنیومە هیچ کەڵکی نەبوو، لەپڕ ڕزگار ڤیژانی بەسەرما وتی: ماڵ خراپ ئەتو چ دکەی؟ وتم رزگارگیان چیم کردووە؟ وتی فیشەکە لەسەرعەرزەکە کەوتووە، ئەو فیشەیە دوو سەرە بوو، دەبوایە سەرێکی ببەسترایە لە میکسەرەکە و سەرەکەی تری دەکرایە جێی فیشەی گیتارەکە، من دوای ئەوەی لێمکردبۆوە تا گوێبگرم لە پرۆڤەکەدا بزانم ڕاست دەیژەنم یان نا، لە بیرم چووبوو فیشەکە بخەمەوە جێی خۆی، بەوشێوەیە ناچاربووین تۆماری بکەینەوە.

**ئاسودەبن و ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیر**

ڕۆشنبیر دوو ڕێگەی سەرەکی هەیە بیگرێتە بەر بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ڕووداوەکان؛ یا تەمجیدی میللەت دەکات یان سەرکردە و حیزب، هەندێ جاریش وەکو دەبینین و دەخوێنینەوە هەر ئەو ڕۆشنبیرە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا جۆرێک لە پۆزش یان تەبریر یان پەشیمانی

دەنووسیێتەوە لەسەر ئەو کارانە، بە تایبەتی ئەگەر بەسەر حیزبدا هەڵی دابێ، بەڵام لەحاڵەتی یەکەمدا کە تەمجیدی میللەت دەکات، پەنا دەباتە بەر هەندێک ڕاستی نەگۆڕ لە مێژووی تاوانلێکراو و زەقی دەکاتەوە و پێ دادەگرێ لەسەریان و هیوایەک دەخاتە دڵی هەمووکەس و ئاوێک دەکات بە ناخی گڕگرتویاندا و پێی وایە میللەت پاڵەوانی یەکەم و ئەخیرە و دووپاتی دەکاتەوە کە دڵنیابن وانابێت کە زاڵم دەیەوێت بەڵکو وادەبێت کە زوڵملێکراو دەخوازێ، لە هۆنراوەی ئاسودەبن دا مامۆستا حەمەساڵح دیلان بە بێ دوودڵی و بێ موبالەغە و بێ ئەمسەرو ئەوسەری بێ بنەما، دەڵێت ئاسودەبن میللەت دەمێنێ و لەناوناچێ و ئەوەتا ئێمە ئەنجامەکە دەبینین.

ئەوەی لای من گرنگە دەبێت ڕۆشنبیر ڕاستگۆ بێت و نەفەسی درێژ بێت و دووربینتر بێت لەعامەی خەڵک لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکاندا، ئەوەی دەیڵێ مەجالی دوودڵی تیانەبێتەوە و واش بکەوێتەوە کە ئەو دەیڵێ، نابێت بوترێ واوترا چونکە ئەو سەردەمە ئەوە مۆد بووە، من پێم وایە تاکتیک لە سیاسی قبوڵ دەکرێت بەڵام لە ڕۆشبیر قبوڵ ناکرێت، هەر لەبەر ئەو هۆیانەیە من ئەو هۆنراوەی (ئاسودە بن)ەم زۆرلا پەسەندە و ئاوازیشم بۆ داناوە.

ئاسودەبن لەدوای تێکچوونی مفاوەزاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ میری، تۆمارکراوە، هەرچەندە میلۆدیەکەی زۆر کۆنتر دانراوە، تێکستەکەیشی مامۆستا حەمەساڵح دیلانە، بەڵام لەبەر کورتی و سادەیی ئاوازەکەی، لەبەر چاوی خۆم، ڕووم نەدەهات باسی بکەم و بۆ کەسی بڵێم، زۆرکورتبوو هەرچەندە پوخت بوو، جارێکیان لەبەرخۆمەوە بۆ ئاراسم وت، بۆ سبەی ئاراس کۆپلەیەکی زۆر بەهێزی دانابوو گوێم لێگرت، وتم بەڕاستی زۆر جوانە و زۆر بەهێزە وتی ئەوەم کردووە بۆ پێشەکی ئاوازەکەی دوێنێ، وتم بەڕاست!؟ لە دڵەوە دەمویست باوەشی پیابکەم و دەستخۆشی لێ بکەم و سوپاسی بکەم، هەرواشم کرد، ئینجا دەستم کرد بەنووسینەوەی هۆنراوەکە و ئاوازەکەم بۆ وت، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە ئەو پێشەکیە زۆر لە سرووودەکە پتەوترە و دانانێکی داهێنەرانەیە و لە هیچ مارشێکی تری کوردی و ئەجنەبی ناچێت و هیچ تۆنێکی وەرگیراو و دزراوی تری تیانییە و بە تیمپۆیەکی نزیک لە دەهۆڵی جوان دەستپێدەکات کە بەئاسانی هەست بە مۆرکە کوردیەکەی دەکرێت و کورتە و دەستپێکردنی بەهێز و کۆتاییهێنانی بەهێزە و هیچ حەشویەکی زیادەی تیا نیە و لەسەر هەندەسەیەکی دەگمەن داڕێژراوە کە نە لە پێش ئەمدا و نە ئێستاش لەو هەندەسەیە لە ئاوازی کوردیدا نابینرێت، ئاوازەکە هەست وروژاندنێکی بەهێزی تیایە دەتجوڵێنێ، وەکو هاوڕێیەکم دەڵێت {پیاوم ئەوێ خۆی بۆ بگیرێت کاتێ گوێبیستی دەبێت}. ئاراس نۆتەکەی نووسیەوە و دەستکرا بە تۆمارکردنی، ئێمە سەرقاڵی کارەکانمان بووین لەپڕ ئێوارەیەک ئەرسەلان بایز هات بۆ تیپ و پێم وابێ ئەوە باشترین ڕاو چاکترین موبادەرەی ئەو بوو بەدرێژایی ئەو هەموو ماوەیەی نزیک یەکبووین، وتی یەکێتی بەتەمایە زەربەیەکی کوشندە لە میری بوەشێنێ، دێرە مۆسیقایەکی مارش، سروودێ، شتێکتان نیە بماندەنێ لە ئێزگە لێی بدەین بەو بۆنەیەوە؟ ئێمەش ئەوەندە بەدبەختبووین بەرهەمەکانمان وەکو پێویست لە ئێزگە لێ نەئەدرا، بەئاراسمان وت بۆ ئەو پێشەکیە تازەیەی بۆسروودی ئاسودەبن تۆمارکراوە، بۆی لێ نادەیت؟ کورتە و پوختە،

بزانێت بە کەڵکیان دێت یان نا؟! یەکڕاست ئەرسەلان وتی زۆرم پێ باشە، زوو بۆم بکەرە سەر شریت و ئەگەر ئێوە ڕازی بن ئەو ڕۆژە بڵاوی دەکەینەوە، ئێمەش هیچ ڕێگریەکمان پیشان نەدا و لە ڕاستیدا خواخوامان بوو ئێزگە بڵاوی بکاتەوە، بەو شێوەیە ئەرسەلان ئەو خزمەتەی کردین و پێم وایە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە، لەو سەردەمەدا، بووە بەڵگەیەکی زیندوو بۆ زیاتر ناسین و سەرکەوتنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەناو پێشمەرگەدا و زۆریش گفتوگۆی بەدوای خۆیدا هێنا و دەوترا لە ئەمریکا تۆمارکراوە و ئاوازدانەرێکی غەیری کورد دایناوە و لەو باسانە زۆر بڵاوبۆوە، بەڵام ئێمە باکمان نەبوو چونکە دڵنیابووین لە بەرهەمەکە و گۆرانیەکی تریشمان هەمان سەرگوزەشتەی بەسەر هاتبوو لەبەرئەوەی لە ئێزگەی خۆمان لێیان نەدا و یەکەم جار لەئێزگەی دیموکراتی ئێران بڵاوبوبۆوە پێشمەرگە دەیانوت وا گرنگە و لە ئەمریکا تۆمارکراوە و شاخی وایە و باڵی وا، تەنانەت ئێزگەکەی خۆشمان لەوانی وەرگرتبوو بڵاوی کردەوە، دوایی ڕاستیەکەیان بۆ ڕوون بووەوە بەسەر خۆیان نەهێنا، ئەو بەرهەمەیش گۆرانی دایە دایە بوو لەهۆنراوە و وتنی شوان کەریم کابان و ئاوازی ئاراس بوو، دەربارەی ئاسودەبنیش لەپێشدا تەنیا مۆسیقاکە لێدراو بڵاوکرایەوە وەکو ڕیکلامێک مژدەی سەرکەوتنێکی گەورەیان بەخەڵکدا، دوایی کاتێک سروودەکە لە هەمان ڕۆژدا بەدوای مۆسیقای پێشەکیەکە بڵاوکرایەوە، دوای گرتنی ڕەبیەکانی دابان و هەلاج و بەرزاییەکانی مابەینی شەدەڵە و هەڵەدن و سەرگەڵو، ئەتوانم بڵێم تەقیەوە و بووە مایەی خۆشترین ساتەکانی بوونمان لە شۆڕشدا و هەرچیمان دەبینی دەستخۆشی لێدەکردین و ئەوەی کە بووە مایەی خۆشحاڵی زیاترمان ئەوەبوو لەگەڵ مێژووییترین بروسکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لەکاتی ڕاپەڕیندا درایەوە بەگوێی هەموو میللەتی کورددا و میللەتی ئازاش سەرچۆپیەکەی گرت و بووە هۆی ئەوەی سروودەکە زۆر بە بەرفراوانتر بناسرێت، دیلان، ئاراس، جەماوەر، تیپ، کۆرسەکە، ئەرسەلان، ئێزگە، تەلەفزیۆن، ڕاپەڕین و ئێوەشم خۆشدەوێت و قەرزاربارم کە ئەو بەرهەمە زیندوو ڕاگیرا.

تیپی مۆسیقای شەهید کارزان، ئەم تیپە لە ساڵی 1981 دامەزراوە بە هەوڵی سەرەکی ئاراس، لەسەرەتادا سەر بە ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بووە، لەبەرگرفت و ئاڵۆزیی ماوەیەک ڕاوەستاوە و کاری بۆ ئەنجام نەدراوە، ئەم حاڵەتە درێژەی کێشا تا درووستبوونی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ڕاگەیەندرا لە 1983/3/1 ئەو کاتە ئێمەش تیپەکەمان زیندووکردەوە، وەکو ئۆرگانێکی سەر بە کۆمیتەی شاخی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان، دەستمان بەکارکردن کرد، ئەو ڕاستیەی کەلای زۆرینە شاراوەیە ئەوەیە کە ئێمە پەیوەندیەکانمان لە مابەینی یەکێتی هونەرمەندان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا سەرلەنوێ ڕێکخست و ڕێککەوتین یەکێتی هاوکاری تیپ بکات بێ دەست تێوەردان و ئەندامانی تیپیش بەردەوام بن وەکو پێشمەرگە لەناو ئەو حیزبەی هەڵی دەبژێرن و کاری هونەریش بکەن، من لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاستیەک بخەمە ڕوو، دان بەوەدا بنێم کە موهەندیسی ڕاستەقینەی ئەم حاڵەتە بەڕێز مام جەلال بوو، هەر خۆیشی بووە ئەندامی پەیوەندی لەگەڵماندا و هەر ئەویش بوو کاتێ گوێی بۆ گرتین باسی کێشەکانی

خۆمان کرد وتی بچن یەکێتی هونەرمەندان لەسەرتاسەری کوردستاندا دروست بکەن، ئێوە ببنە دەزگایەکی ئەو ڕێکخراوە و ئێمەش عیلاقاتتان لەگەڵ دەبەستین، بەوشێوەیە کەس ناتوانێ دەست لە تیپەکە وەربدات، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئێمە وەکو پێشمەرگە لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان خەباتی خۆمان کردوە و تەنیا یەک ئەندامیشمان هەبوو کە پێشمەرگەی سۆشیالیست بوو، هەریەکە لەشوێنێک و لە کونجێک وەکو هەموو پێشمەرگەکانی تر هەم کارمان کردووە و هەم ئامادەی جێبەجێکردنی هەموو ئەرکەکانی سەرشانمان بوین، لەلایەکی تریشەوە وەکو هونەرمەند و ئەندام لە ڕیزەکانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستاندا خەباتی هونەریمان کردووە و ئامادەشبووین ئەگەر هەر لادان و هەڵەیەکمان هەبوو سزابدرێین وەکو هەر کەسێکی تر لە ناو شۆڕشدا و بەپێی بڕیارەکانی سەرکردایەتی، بەڵام نەمانویستووە نە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکە هونەریەکانمان و نە لە هەڵبژاردنی تێکست و دانانی ئاواز و وەرگرتنی ئەندام و بەڕێوەبردنی تیپدا هیچ دەستێوەردانێک هەبێت، ئەگەر بەویژدانەوە حیسابی بۆ بکرێت زۆربەی توانا و کارمان لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا بووە و کەمترین کات کاری هونەریمان کردووە.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە بەدرێژایی بوونی تیپ، یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان هاوکارمان بووە و بارەگای بۆ دابینکردوین و بەپێی توانا هاوکاریی دارایی کردووین، لە ئێزگەشەوە هەندێ بەرهەممان بۆ بڵاوکراوەتەوە، لە دوای ساڵی 1983ەوە، تیپ سێ جار هاوکاری کراوە دووجار لەلایەن بەڕێز مام جەلالەوە بووە و جاری سێیەم لەلایەن هێرۆخانەوە بووە کاتێ فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجەمان پێشکەش کرد لە سەقز، دووجارەکەی کۆن یەکێکیان لەگەڵ فەرەیدون دارتاش چوین ئامێرمان پێ کڕی لەبەغدا و جاری دووەمیش تەسلیمی ژمێریاری تیپم کردووە لەبەر ئەوەی هیچ مەجالێکمان بۆ نەڕەخسا ئامێری تازە بکڕین بۆیە تەسلیم کرایەوە، بەڵام مام جەلال نەیدەویست وەریبگرێتەوە، پێشنیاری کرد بەناوی یەکێتیەوە بیدەین بە کۆمیتەی باڵای یەکێتی هونەرمەندان تا بە پێی پێویست بەکاری بێنن، ئێمەش وامانکرد و تەسلیمی کاک فەرەیدون دارتاش کرا، ئەوەی سەقزیش دراوە بە کاک جەلال عەزیز کە ژمێریاری ئەوکاتەی فیستیڤاڵەکە بوو لەگەڵ کاک سۆرانی کوڕی.

بە سوپاسەوە ڕێکخراوە دیموکراتیەکان بە سەرپەرشتیاری مەلا بەختیار ئەرکی چاپکردن و بڵاوکرنەوەی سی دیەکانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزانی گرتە ئەستۆ کە بووە مایەی بە ئەرشیفکردنی بەرهەمەکان و زیندوو ڕاگرتنیان.

ئەم تیپە تا ساڵی 1986 کاریکردووە و لەسەر پێشنیاری دلێر، تیپەکە خۆی تەجمید کردووە چونکە پێم وابووە لەتوانادا نیە کارێک بکرێ لەو سێ کاسێتەی کە تۆمارمان کردووە جیاوازتر بێت تا ساڵی 1990 کۆراڵی داستانی هەڵەبجەمان پێشکەشکرد لە فیستیڤاڵی نەورۆزو هەڵەبجەدا لە سەقز کە جیاوازی زۆر بوو لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتردا.

ئەم تیپە جگە لەدوو سێ ئاهەنگی بچووک لە هۆڵی خاڵە شەهاب و ناوچەکانی نۆکان و زەڵێ، دوو ئاهەنگی گەورەی کردووە:

• یەکەمیان ئاهەنگی نەورۆز لە سورداش لە ساڵی 1984دا کەوا مەزەنە دەکرا نیو ملیۆن کەس یا زیاتر تیا بەشداربووبێت.

• دووەمیان فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە لە شاری سەقز لە ساڵی 1990دا.

• چوار ژمارەی گۆڤارێکی تایبەت بە مۆسیقای چاپ کردووە بە ناوی هۆرە، لەڕاستیدا تەنیا من و شوان بەو کارە هەڵدەستاین.

**مۆسیقاژەن:**

کۆی 11 مۆسیقاژەن وەکو ئەندامی کارا ئیشی تیاکردووە، کۆی 8 مۆسیقاژەنیش بە شێوەیەکی کاتیی ئەندام بوون لەم تیپەدا، بەڵام ماوەدای بەشداریکرنیان زۆر بەرتەسک بووە و یان لە هەندێ حاڵەتدا هەرنەبووە، چونکە هەندێکیان لەو کاتانەدا لە تیپدا بوون کە تیپ لەبەر گرفتە چارەسەرنەکراوەکانی لەکار وەستاوە.

**مۆسیقاژەنەکان:**

| | |
|---|---|
| ئاراس ئیبراهیم | 1990–1981 کەمان، گیتار، تۆمارکردن، ئاوازدانان، دامەزراندن |
| هوشیار ئەحمەد | 1986–1981 ئیقاع |
| شوان کەریم کابان | 1990–1981 گۆرانی، ئیقاع، فیکە، ئاوازدانان، کۆرس |
| ڕزگار ئیسماعیل | 1986–1981 ئۆکۆردیۆن، ئاوازدانان |
| سالار ئەحمەد | 1984–1981 گیتار |
| دلێر ئیبراهیم | 1990–1982 بێزگیتار، کەمان، ئاوازدانان |
| توانا سلێمان | 1987–1983 گیتار |
| ئاسۆ کاکەیی | 1986–1983 ترامپێت |
| بەرزان کەریم کابان | 1986–1983 ئیقاع |
| دلۆڤان(دڵشاد مستەفا) | 1990–1983 کلارنێت |
| سۆران جەلال عەزیز | 1990 پیانۆ |

**ئەو ئەندامانەی کە بۆ ماوەیەک لە تیپدا بوون:**

| | |
|---|---|
| هیوا زەندی | 1982–1981 گیتار، دامەزراندن |
| مەجید خۆشناو | 1983–1981 کەمان |
| بەختیار مەلا ئەحمەد | 1982–1981 کۆرس |
| خالید ڕەزا | 1982–1981 گیتار |
| ئەحمەد کەرکوکی | 1982–1981 گیتار |
| محەمەد | 1982–1981 ئۆکۆردیۆن |

مستەفا کەمال 1982 کەمان

کامەران مەجید 1982 کلارنێت

**گۆرانیبێژ:**

کۆی 9 گۆرانیبێژ لە تیپدا کاریانکردووە کە ئەمانە بوون :

1. شوان کەریم کابان
2. حەمە جەزا عەلی
3. ئازاد خانەقینی
4. سەلام ئەحمەد فارس
5. عبدولقادر حەسەن
6. سیار بامەڕنی
7. جەلال عەزیز ڕەسوڵ
8. عەتا حاجی عەلی
9. ئاکۆ ڕەش

**کۆرس:**

پێنج کۆرسی هەمیشەیی لە تیپدا کاریانکردوە، کە ئەمانە بوون:

1. حاکم فەرهاد مەلا ڕەسوڵ
2. ئازاد چالاک
3. بەختیار عومەر
4. قوباد مەلا ڕەسوڵ
5. کاوە محەمەد

جگە لە ساڵی 1990 کە کۆی کۆرسەکان ژمارەیان 20 کەس بووە.

**کاسێت و بەرهەم و ئاهەنگ:**

ئەم تیپە سێ کاسێتی دەرکردووە:

- ساڵی 1983 کاسێتێکی بڵاوکردۆتەوە 8 بەرهەمی لەخۆگرتووە.
- ساڵی 1985 کاسێتێکی بڵاوکردۆتەوە 17 بەرهەمی لەخۆگرتووە.
- ساڵی 1986 کاسێتێکی بڵاوکردۆتەوە 11 بەرهەمی لەخۆگرتووە.
- ساڵی 1985 نەورۆزی سورداش 8 بەرهەمی پێشکەشکردووە.
- ساڵی 1990 فیستیڤاڵی نەورۆزو هەڵەبجە 9 بەرهەمی پێشکەشکردووە.


کۆی بەرهەمەکان {8+17+11+8+9=53} دەکەتە 53 بەرهەم.

48 بەرهەم سرووود و گۆرانی بوون

5 بەرهەم پارچە مۆسیقا بوون

تێبینی: مۆسیقای ئاسودەبن کە پێشەکی سرووودەکەیە وەک بەرهەمێکی سەربەخۆ بە تەنیا دانراوە.

ئاراس ئیبراهیم و دلێر ئیبراهیم



کاری مەحمود خۆشناو

## دەربارەی تیپی مۆسیقای منداڵان
## سەر بە چالاکی قوتابخانەکان - سلێمانی 1976-1978

لە دوای نسکۆی ساڵی 1975 ەوە زۆربەی برا موسیقاژەنەکان گەڕاینەوە، زۆربەمان هەم ڕووخابووین هەم حەزیشمان ئەکرد کاری گەورە بکەین. مامۆستا (عوسمان محمد ئەمین) هەمیشە باسی لەوە دەکرد ئەگەر بمانەوێ نەوەیەکی باش لە مۆسیقادا پەروەردە بکەین ئەبێ مرۆڤ لە منداڵیەوە فێری مۆسیقا بکەین، ئەم بیرو بۆچوونەی هەردەم لەگەڵ مندا ئاڵوگۆڕ ئەکرد، منیش هاوڕای ئەو بووم لەو بۆچوونەدا بەڵام ئەو جددی تر بوو، هۆیەکی تر کە پاڵی پێوەناین بۆ ئەم کارە ئەوە بوو ساڵانە لە چالاکی قوتابخانەکان بەرهەمی هونەری ئامادە ئەکرا بۆ ئەوەی بەشداری لە فیستیڤاڵی سەرتاسەری عێراقدا بکات، ئەو کاتە بڕیار وابوو کە تەنیا ئەو برادەرانەی لە چالاکی قوتابخانەکان ڕاهێنەرن؛ ئەتوانن لە ئاوازدانان و بەرهەم ئامادەکردندا بەشدار ببن ئێمە کە لە چەند قوتابخانەیەک وانەی سروودمان ئەوتەوە بۆمان نەبوو بەشداری بکەین لەگەڵ ئەوەی لەناو ئێمەدا هەبوو بە تواناتر بوو لە هەندێ لەو ڕاهێنەرانە، بەڵام ئەمە حسابی بۆ نەئەکرا، ئێمەش ئەمەمان بە غەدر ئەزانی، بەڵام هیچمان بۆ نەئەکرا، ئەو برادەرانە کاتێ بڕیاریان ئەدا ئێمە بۆمان نەبوو لەگەڵیان بەشداربین، بەڕەسمی هیچ نوسراوێک نەبوو ئەمە دەرببڕێ بەڵام وا دەقی گرتبوو بەکەس چار نەئەکرا، من لە بیرمە تەنانەت کاتێ (بەیتی ڕێزانکێ)مان پێشکەشکرد لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی خەڵاتی پلەی یەکەمی وەرگرت و مافی ئەوەی پێدرا کە بەشداری فیستیڤاڵی ساڵانەی عێراق بکات، بۆیە برادەرانی چالاکی قوتابخانەکان پێشنیازی ئەوەیان کرد کە ئەبێ ئەو کارە ڕاهێنەری چالاکی پێی هەڵسێ، مۆسیقا من کردبووم و دەرهێنانیش کەمال سابیر، ئەوە بوو ئێمە: (سمکۆناکام، کەمال سابیر، عوسمان چێوار؛ هەرچەندە ڕاهێنەر بوو لەگەڵ ڕای ئێمەدابوو، من). داوام لە برایانی چالاکی قوتابخانەکان کرد فەرموون با بزانین پلانتان چیە بۆ دەرهێنان و ئاوازدانانی ئەم بەرهەمە؟! ئەوانیش دوای چەن ڕۆژێک ئاگاداریان کردینەوە کە مۆسیقاکەی با وەک خۆی بێ (وا پێدەچوو برایانی مۆسیقا کارەکەیان لا باشبوو بێت) بەڵام یەکێکی تر ئەبێ کاری دەرهێنانەکەی ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی مەرجەکەی ئێمە زۆر گران بوو، ئەو برادەرەی دانرابوو دەرهێنانەکە بکات کشایەوە و سمکۆ ناکامیش کە دەقەکەی نووسیبوو، بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەئەبوو ئەو برادەرە دەرهێنانی بۆ بکات، تەنانەت وتی ئەگەر ئەو بیکات دەقەکەتان نادەمێ، بۆیە داوامان لە عوسمان چێوار کرد ئەو بڵێ ئامادەم بەو کارە هەڵسم چونکە هەڵبژاردەی ترمان لە بەردەستا نەبوو، ئەویش ڕازی

بوو بە ڕاستی پلانێکی نوێی هەبوو بۆ دەرهێنانی ئەو دەقەو بە گشتی ئەتوانم بڵێم ئەمە بووە مایەی زیاتر سەرکەوتنی کارەکە و لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەم بەدەست بێنی (لەسەر دەق، مۆسیقا، دەرهێنان) ئەوەی مایەی خۆشحاڵیش بوو ئەوەبوو وردە وردە ڕێگا بە ئێمە درا بەرهەمەکانمان بەشداری پێبکەین لەو فیستیڤاڵانەدا، کە ئەمە نەریت شکێنیەک بوو بۆ خۆی، وەکو لەسەرەوە باسم کرد.

من و عوسمان محەمەد ئەمین، هەردووکمان بڕیارماندا کار بۆ ئەو مەبەستە بکەین ئەوە بوو (عوسمان محمد ئەمین) لە قوتابخانەی نەورۆز و من (دلێر ئیبراهیم) لە قوتابخانەی شێخ مەحمود هەوڵمان دا خولی مۆسیقا بە خۆڕایی بۆ ئەو قوتابیانە بکەینەوە کە ئارەزووی مۆسیقا فێربوونیان هەبوو، هەروەها هەریەک لە (نامدار عومەر) لە قوتابخانەی بێخود و (سەلاح رەئوف) لە قوتابخانەی پیرەمێرد هەمان کاریان دەست پێکرد، ئەمە جگە لەوەی لە چالاکی قوتابخانەکان منداڵ فێر ئەکراو لە پێش ئەو ساڵانەدا هەندێ مامۆستا وانەی مۆسیقایان بە بێبەرامبەر بە چەند قوتابییەک ئەوتەوە.

هەرچی ئێمەش بووین، هەر مامۆستایەک لەناو کۆمەڵێک قوتابی زۆردا هەر یەکەو دە تا پانزە قوتابیمان هەڵبژارد و دەستمان کرد بە کارکردن.

لە هەر قوتابخانەیەک تیپێکی سروودمان درووست کردبوو لە قوتابیە هەرە باشەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەیانیان لە ڕیزدا هەندێ لەو سروودانە بڵێن هەروەها بتوانن لە کۆبونەوەکانی دایکان و باوکاندا بەشداری بکەن، ئەم منداڵانە بوونە بناغەی ئەو کۆمەڵە منداڵەی لێمان هەڵبژاردن بۆ خولی فێربوونی مۆسیقا.

ئەوەی پەیوەندی بە منەوە بوو بۆ هەڵبژاردنی منالی بە توانا چەند شتێکم کرد بە زەروورەت، بۆ نمونە ئاوازێکم ئەوت ئەبوایە منالەکە هەوڵ بدات ئەو ئاوازە لە کوێوە وتومە بیلێتەوە دوایی تەبەقەی ئاوازەکەم ئەگۆڕی دیسان ئەبوایە بتوانێ بیلێ هەروەها داوام لێئەکرد گۆرانیەک بلێ و من تەبەقەی گۆرانیەکەم ئەگۆڕی و داوام ئەکرد لەو شوێنەوە بیلێ، جگە لەمە ئیقاعێکم لێئەداو داوام ئەکرد بەخاوی لێیبداتەوە، ئینجا بە خێراتر لە زەمەنی خۆی، یان تۆنێکم ئەوت واتە دەنگێکم ئەوت ئەو ئەبوایە وەکو من بیلێتەوە، ئەوەی لەمانەدا سەرکەوتایە لە دەورەکە وەرئەگیرا.

کێشەیەکی گەورەی ترمان هەبوو ئەویش کەمی ئامێری مۆسیقا بوو بۆیە داوامان لە دایک و باوکی منالەکان ئەکرد بۆیان بکڕن، بە ڕاستی ئەو کۆمەڵە دایک و باوکە زۆر زۆر هاوکاریان کردین، چالاکی قوتابخانەکانیش هەندێ ئامێری پێدایان بۆ ئەو مەبەستە، ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە کە چالاکی قوتابخانەکان هەردەم لانکی پەروەردەکردنی منالانی شارەکە بووە لە هەموو بوارەکانی هونەردا و هەردەم ئامێرەکانی خستبووە بەر دەستمان بۆ ئەوەی منال ناچار نەکەین پارەیەکی مۆڵ بدات بە ئامێرێکی مۆسیقا لە پێناوی فێربووندا کە ئەمە ئەرکێکی لەسەر شانی دایک و باوکی منالانی ئەو سەردەمە کەم کردبوەوە. یەکێ لەو هەوڵانەی کە ئەبێ هەمیشە باس بکرێت ئەوە بوو عوسمان محەمەد هەوڵی دروستکردنی ئامێری سەنتووری داو (پێم وایە

ئەم هەوڵەی، یەکەم هەوڵ بوو بۆ دروستکردنی ئامێری سەنتوور لە کوردستانی خۆماندا) تا ڕادەیەک سەری گرت بە بێئەوەی ئەندازەی تەواوی لە بەردەستابێت تەنانەت نەشیئەزانی لە چ دارێک دروست ئەکرێ، تەنیا چەند جارێک بینیبوی و بەس، توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ماوەیەکی زۆر ئەو ئامێرە بە دەست سەباحەوە بوو وابزانم هەر بەوەش فێربوو تا ئامێری تازەمان لە بە غداد کڕی و بەکارمان هێنا.

مەسەلەی تیۆری مۆسیقاش گرفتێکی گەورە بوو چونکە هیچ نووسینێک لەو بارەیەوە نەبوو بۆیە من هەوڵم دا لە شێوەی مەلزەمەدا هەندێ زانیاری تیۆری ئامادە بکەم و لە چالاکی قوتابخانەکان هەندێکیان بۆ چاپکردین، کە کاوە ئەحمەد میرزا بۆی تایپ کردین، لە ڕێی (سمکۆ ناکام)یشەوە کە لە سەرۆکایەتی زانکۆی ئەو کاتە کاری ئەکرد و دۆستێکی نزیکی سمکۆ کە ناوی کەمال بوو بە بێ ئاگاداری زانکۆ، هەندێکی بۆ ڕاکێشاین، ئەو مەلزەمانە بە ناوی (تیوری مۆسیقا و مەیانەکانی مۆسیقاوە) بڵاوبونەوە.

بۆ مەسەلەی جێگاش مامۆستا مەحمود وەهبی بەڕێوەبەری قوتابخانەی شێخ مەحمود، قوتابخانەکەی خستە بەر دەستمان بۆ پرۆڤەکردن بە تایبەتی لە پشووی هاویندا، هەرچەندە گرفتی گەرماو سەرمای قوتابخانەمان بۆ چارە نەکرا، بەڵام دەست بەکاربوین.

مامۆستا عوسمانیش لە قوتابخانەی نەورۆز دەستی بە کارکردن کرد چونکە بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەحمەد مەعروف فەتاح بوو کە زۆر هاوکاربوو.

کاتێک منالەکان ماوەیەک بەردەوام بوون هەندێ توانای باشیان پیشاندا بە تایبەتی لە کۆبونەوەکانی دایکان و باوکاندا توانیان خۆیان مۆسیقا لێبدەن، هەمووساڵێکیش چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی بەشداری میهرەجانەکانی پەروەردە دەبوو هەمیشە پلەی باشی بە دەست دەهێنا، بۆیە بیرۆکەی ئەوە هاتە پێش کە لەو چەن تیپی منالانە تیپێکی باشی لێهەڵبژێرن و بەشداری میهرەجانەکانی سەرتاسەری عێراق بن. بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەک لە چالاکی قوتابخانەکان دروست کرا لە ڕاهێنەرە مۆسیقاژەنەکان بۆ ئەوەی بەو کارە هەڵسن، ئەو مامۆستایانەی خولی فێربوونی منالانمان هەبوو بۆمان نەبوو ببینە ئەندامی ئەو لیژنەیە. لیژنەکە ئەندامەکانی هەڵبژارد و تیپەکە ئامادەبوو بۆ فیستیڤاڵەکانی عیراق.

هەمان لیژنە ئەو بەرهەمانەی هەڵبژارد کە ببرێ بۆ بەشداربوون لە فیستیڤاڵەکانی عێراق، بە پێی بڕیاری ئەو لیژنەیە هەموو ئەو بەرهەمانە هەڵبژێردران کە ئێمە لە تیپی مۆسیقای شێخ مەحمود ئامادەمان کردبوون و هەردەم لە بۆنەکانی قوتابخانەدا لێمان ئەدان. ئەو لیژنەیە وای پێشنیاز کرد کە جوانترە بەرهەمەکان هەمووی بە ناوی یەک مامۆستاوە نەبێ بۆیە هەندێ لەو بەرهەمانە بە ناوی مامۆستای ترەوە نوسران و لە ڕاستیدا هەمووی من کردبووم بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە ئەمانویست کاری کۆمەڵ پیشان بدەین ناچار بووین ئەو مەرجە قبوڵ بکەین. ئەو تیپەی دروستبوو ناوی لێنرا تیپی مۆسیقای منالان سەر بە چالاکی قوتابخانەکان – سەر بە پەروەردەی سلێمانی.

لە ساڵی 1976 پلەی یەکەمی عێراقی بەدەست هێنا لەساڵی 1976 و 1977 و 1978 دا ئەم بەرهەمانە پێشکەش کران:

1. پارچە مۆسیقای ژوان
2. ئەی تۆپەکە

ئاوازی: کۆن

ئامادەکردن: دلێرئیبراهیم

وتن: کۆرس

3. بەرخەکەم نەرمونۆڵە

ئاواز و ئامادەکردن: دلێر ئیبراهیم

4. پارچە مۆسیقایەک بە ناوی(ئامێدی)

دانانی: دلێر ئیبراهیم

5. لەیلی لەیلی

ئاوازی: فۆلکلۆر

ئامادەکردن دلێر ئیبراهیم

وتن : حەسەن سەعید و محمد و کۆرس

6. چەند شیرینە لام

ئاواز: ڤێردی (ئاوازدانەری ئیتاڵی)

ئامادەکردن: دلێرئیبراهیم

وتن:کۆرس

7. واوەتەن خەملیوە

ئاوازی: تورکی

ئامادەکردن: دلێر ئیبراهیم

هەر ئەو تیپە کۆمەڵێ بەرهەمی تریشی تۆمار کرد لەوانە:

8. هە گدی گدی کارەکەم

ئاواز و ئامادەکردن: دلێر ئیبراهیم

9. پارچە مۆسیقای ئامێدی

دانانی : دلێر ئیبراهیم

10. ئەی نیشتمانم

هۆنراوە: لەتیف هەڵمەت

ئاواز و ئامادەکردن: دلێر ئیبراهیم

وتن: ئەسعەد قەرەداخی و ئاڵا عومەر

جێی باسە ئەم بەرهەمە تەنیا بەرهەم بوو تا ئەوکاتە بۆ گۆرانیبێژی گەورە لە لایەن تیپی

منالآنەوە تۆمار بکرێت.

ئەندامانی ئەم تیپە توانیان زۆر سەرکەوتوانە بەشداری چەند ئۆپەرێتێک و شانۆگەریەک بکەن لەوانە:

1. ئۆپەرێتی ئاهەنگی شوان

تێکست: دلێر ئیبراهیم، فایەق بێکەس

ئاواز: دلێر ئیبراهیم

حەرەکات و جێبەجێکردن: دلێر ئیبراهیم بە هاوکاری فەرەیدون دارتاش و بەدیعە دارتاش

ئەم بەرهەمە لەسەر ئاستی سلێمانی پلەی دووەمی بەدەس هێنا.

2. شانۆگەری بەیتی ڕێزانکێ

نووسینی: سمکۆ ناکام

دەرهێنانی: عوسمان چێوار

ئاواز: دلێر ئیبراهیم

دیکۆر: ئیسماعیل خەیات

ئەم بەرهەمە لەسەر ئاستی عێراق پلەی یەکەمی بەدەسهێنا.

هەروەها یادگار فوئاد توانی بەشداری بکات لە (شانۆگەری گورگی بێشەوهەرد)دا و دەوری گورگی دەبینی.

گورگی بێشەوهەرد

نووسین: سمکۆ ناکام

ئاواز: سەلاح رەئووف

دەرهێنان: عوسمان چێوار

ئەم شانۆگەریەش پلەی یەکەمی سەرتاسەری عێراقی بەدەستهێناوە

# تیپی میللی منالان

لەسەر پێشنیاری من هەوڵماندا تیپێکی میللی منالان درووست بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک منالٚ کە هەڵپەڕکێ ئەزانن بەشداری بکەن، ئەوەی شایانی باسە بۆ یەکەم جار بوو تیپێکی میللی بۆ منالان بێتە کایەوە، ئەم تیپە پێکهاتبوو لەم ژەنیارانە:

کارزان عومەر: ساز

یادگار فوئاد: سەنتوور

سەباح قادر: ئیقاع

خالید عەبدولقادر: گۆرانیبێژ

لەبەر ئەوەی هیچ منالێک باڵەبانی نەدەزانی بۆیە ناچاربووین کاک ڕەحیم کە باڵەبانی لێئەدا، لە پشتی پەردەوە بەشداری پێبکەین.

ئەم تیپە ئەم بەرهەمانەی پێشکەشکرد:

گۆرانی: (هۆ برا لە چەمۆبێ) لەگەڵ (چیمەن و چیمەن)

ئاواز: فۆلکلۆر

ئامادەکردن: دلێر ئیبراهیم

وتنی: خالید عەبدولقادر

بەداخەوە لە 1978/4/17 لە ڕێگادا بۆ بەشداریکردن لە میهرەجانی سەرتاسەری عێراق، ئەو پاسەی کارزانی تیا بوو لەگەڵ لۆریەکی گەورە دەعمی کرد و کارزان و فەرمان و ئازاد و ڕێبوار کە بەناوی (شەهید کارزان و هاوڕێکانی) ناسران، کۆچی دواییان کرد و ئەمە بووە مایەی ئەوەی ئەم تیپە تا هەتایە تێک بچێت و جێی خۆی نەگرێتەوە، هەرچەندە هاوڕێکانیان لە قوتابخانەی نەورۆز توانیان تیپی مۆسیقای نەورۆز دروست بکەن و هەروەها مامۆستا سەلاح و مامۆستا نامدار هەریەکەو تیپێکی منالانی دروستکرد و دەست بە کاربوون، بەلام تیپی مۆسیقای منالان – چالاکی قوتابخانەکان- سلێمانی بەو شێوەیەی جاران جێی خۆی نەگرتەوە.

لیستی ناوی ئەندامانی تیپی مۆسیقای منالان سەر بە چالاکی قوتابخانەکان- سلێمانی

1. کارزان عومەر　　　کەمان، ساز
2. زانا مەحمود هەژار　　　کەمان

| | |
|---|---|
| 3. ئاکۆ عومەر | کەمان |
| 4. جوانڕۆ عومەر | کەمان |
| 5. ئاکۆ ئەمین | کەمان |
| 6. ئاری قادر برسی | کەمان |
| 7. دڵشاد تەها | کەمان |
| 8. دلێر عەبدوڵا | کەمان |
| 9. یادگار فوئاد | سەنتوور |
| 10. سەباح عەبدوڵا کەریم | سەنتوور |
| 11. بەختیار حەمەکەریم | ئۆکۆردیۆن |
| 12. فەرمان عومەر | ئۆکۆردیۆن |
| 13. تەها یاسین | ئۆکۆردیۆن |
| 14. ئاراس فەرەیدون دارتاش | ئۆکۆردیۆن، ئۆرگۆن |
| 15. سۆران جەلال عەزیز | ئۆکۆردیۆن، ئۆرگۆن |
| 16. کاوان عومەر عەزیز | گیتار |
| 17. جەزا عەبدولکەریم | شمشاڵ، فلوت |
| 18. بەختیار ئیبراهیم | ئیقاع |
| 19. سەباح قادر | ئیقاع |
| 20. ڕێبوار عیسا | ئیقاع |
| 21. ئازاد نوری | ئیقاع |
| 22. مەریوان عوسمان | ئیقاع |
| 23. حەسەن سەعید | گۆرانیبێژ |
| 24. محەمەد ئەحمەد | گۆرانیبێژ |
| 25. خالید عەبدولقادر | گۆرانیبێژ |

تێبینی:

1. کۆمەڵێ مۆسیقاژەنی تر لە ناو منالاندا پێ ئەگەیشتن و ئەبوونە ئەندامی ئەم تیپە، ئەوانەی سەرەوە تەنیا ناوی کۆمەلێک لەو منالانەیە کە لە ساڵەکانی (1976–1978) کاریان کردووە، جگە لەو منالانەی وەکو کۆرس بەشداربوون.

2. ئەو کاتانەی کە من بۆم نەدەکرا وانە بە مناڵەکان بڵێمەوە، ئاراس بەم ئەرکە هەڵدەستا.

دلێر ئیبراهیم

# تیپی مۆسیقای شەهید کارزان

ئەم تیپە ساڵی 1981 لەسەر دەستی ئاراس ئیبراهیم محەمەد لە نێوزەنگ - ی نزیک شێنێ دامەزرا و وەک ڕێزێک بۆ کارزان وهاوڕێکانی کە ئەندامی تیپی مۆسیقای منداڵانبوون و بەکارەساتێکی دڵ تەزێن گیانیان سپارد ناوی تیپەکەی نا شەهید کارزان لە نێو جەرگەی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. ئاراس خۆی پێشمەرگە بوو ئەوکاتە بێژەری سۆرانی و جێبەجێکار بوو لە ئێزگەی شۆڕشی عێراق.

بەڕێز مام جەلال پشتگیرییەکی گەورەی تیپەکەی کرد بۆ دامەزراندن و بەردەوامبونی و تیپەکەش بە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە گرێدرا. هەر لەگەڵ دامەزراندنیدا ژمارەیەکی بەرچاو پێشمەرگەی هونەرمەند و هونەردۆست لەو سنورە پەیوەندییان پێوە کرد و وێڕای نەبونی و کەمدەرامەتی وسەختی ژیانی پێشمەرگە، لەزەڵێ بارەگایەکی بۆ دابین کرا کە یەکەم بارەگای شۆڕشی نوێش بوو. هەر لەسەرەتاوە ئاراس ئیبراهیم بەڕێوەبەری تیپ بوو. یەکەم کاری هونەری تیپ، ڕێکخستنی ئاهەنگی سەری ساڵی 1981 - 1982 بوو، لەو ئاهەنگەدا کە بۆ ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و فەرماندە و کادیر و ئەندامانی سەرکردایەتی و ژمارەیەک میوان ڕێکخرابوو، ئەم هونەرمەندانە بەشداربون، ئاراس ئیبراهیم، حەمەجەزا حاجی عەلی، مامۆستا مەجید خۆشناو، رزگار ئیسماعیل، بەختیار مەلا ئەحمەد، شوان کەریم کابان، ئازاد خانەقینی، عەبدولقادر حەسەن، سەلام ئەحمەد فارس، هیوا کەرکوکی، هوشیار ئەحمەد، دانا عەسکەر، مامۆستا مستەفا، مامۆستا محەمەد. ساڵی 1982 ژمارەیەک هونەرمەندی تر پەیوەندییان بە تیپەوە کرد، مامۆستا دلێر ئیبراهیم محەمەد-کەمان ژەن و ئاواز دانەر، سالار ئەحمەد-گیتار ژەن، کامەران مەجید-ژەنیاری کلارنێت، ئەحمەد کەرکوکی-ژەنیاری گیتار.

تیپ لەو ساڵەدا سێ کاری کرد:

یەکەمیان تۆمارکردنی ژمارەیەک سرود لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەندی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات، ئیقبال حاجیبی، فەرهاد شکروڵای بابان و کاڵێ کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون.

دووەمیان ڕێکخستنی ئاهەنگێکی سرود وگۆرانی بەبۆنەی یەکی ئایار جەژنی جیهانیی کرێکاران.

سێیەمیان ئاهەنگێک بۆ زیندانیانی شۆڕش.

هەر لەو ساڵەدا مامۆستا دلێر ئیبراهیم لەبەر ئەزمونی زۆر و لێهاتویی وەک سەرپەرشتیاری تیپ دەست نیشانکرا و لیژنەی هونەریش دامەزرێندرا. لەچارەکی کۆتایی ئەو ساڵەدا بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەیەک و جیاوازی لە دید و بۆچون لەسەر ئەرکی هونەر و وەزیفەی هونەرمەند

و جێبەجێنەکردنی داوایەکی مەکتەبی ڕاگەیاندن؛ کێشە لەنێوان ڕاگەیاندن و تیپەکە دروست بوو بەهۆیەوە دوو ئەندامی کارا سزادران ئەمەش وای کرد تیپەکە لەکار بوەستێ. زۆربەی زۆری ئەندامانی تیپ چونەوە شوێنەکانی خۆیان، ژمارەیەکیان نەبێ کە لەگەڵ ڕاگەیاندن بەتایبەت ئێزگە مانەوە. بەهاری 1983 بارەگای ڕاگەیاندن لە توژەڵەوە گواسترایەوە بۆ سەرشیوی باوزێ لە سنوری پشدەر و دواتر بۆ هەڵەدن و بەرگەڵو. ئەوانەی لەتیپ مابون، لەکۆتایی بەهاری ئەو ساڵەدا لە ڕێکخراوی دوی کۆمەڵەو کۆمیتەی ڕێکخستنی دوکان بوون. سەرەتای ئەو ساڵە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان دامەزراو زۆربەی ئەندامانی تیپەکە بونە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەو هەروەها تیپەکەش بو بە بەشێک لە کۆمیتەی شاخی ئەو یەکێتییە.

لە هاوینی ئەو ساڵەدا، بڕیار درا تیپەکە دەست بەکاربکاتەوە پاش ئەوەی بارەگایەکیان لەسەر بودجەی ڕاگەیاندن لەبەرگەڵو لەگەڵ بارەگای ئێزگە بۆ دروست کرا، بەحوکمی ئەوەی هەندێک لە ئەندامانی تیپەکە کارمەندی ئێزگە و چاپخانەبوون و ژمارەیەکیشیان پێشمەرگەی تیپ و بارەگاکان بوون.

لەساڵی 1983 تاکو 1986 ژمارەیەک ئەندامی تری بو هات، لەوانە: ئاسۆ کاکەیی، توانا سلێمان، دلۆڤان، سیار بامەرنی، نەبەز نوری عەبەکە، بەرزان کەریم کابان، جگە لەوەی هەریەک لە ئازاد چالاک، حاکم فەرهاد مەلا رەسوڵ، قوباد مەلا رەسوڵ، کاوە محەمەد، بەختیار عومەر، وەک کۆرس هاوکاری تیپەکە بوون. چەند کەسێک لەو بەرێزانەی لەو چەند ساڵەدا پەیوەندییان بەتیپەکەوە کرد بەداخەوە فریای ئەوە نەکەوتن بەشداری کارو چالاکییەکانی تیپ بکەن و چونە شوێنی تر هەروەها هەندێکی تر لەو بەڕێزانە هەر وەک هاوکاربوون. تیپەکە ساڵی 1986 کارەکانی خۆی ڕاگرت بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامەکانی ئەرکی تریان پێ سپێردا. لەو ماوەیەدا تیپی مۆسیقای شەهید کارزان سێ کاسێت بەرهەمی سرود و گۆرانی و مۆسیقای تۆمارکرد لەگەڵ دەرکردنی دوو ژمارە لەگۆڤاری هۆرە، هەروەها بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزی 1984 ی سورداشی کرد. ساڵی 1990 بەشێک لە ئەندامانی تیپ لەشاری سەقز یەکیان گرتەوەو بەشدارییەکی کاراو بەرچاویان لە فێستڤاڵی نەوروز وهەڵەبجەدا کرد و دوو ژمارەی تری هۆرەیان دەرکرد.

شوان کەریم کابان

# سی ڤی ئاراس ئیبراهیم

لە رۆژی 1960/6/12 لە سلێمانی لە دایکبووە لە گەڕەکی کانێسکان، پەیمانگای تەندروستی لە سلێمانی تەواوکردووە.

هەر لەتەمەنی دە ساڵیەوە خۆی فێری ئامێری کەمان کردووە لە ژێر سەرپەرشتی دلێر و مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی و مامۆستا سەلاح رەئوف دا پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە و ئاستێکی باشی بەدەستهێناوە، چەندجارێک لە فیستیڤاڵەکانی چالاکی قوتابخانەکاندا بەشداربووە وەکو ئامێرژەنی منداڵ لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا ولیەم یۆحەننادا، لەساڵی 1971دا و لە تەمەنی 11 ساڵیدا لەگەڵ دیاری نەجاتی عەبدە بە ئۆکۆردیۆن و جەمال سابیر بە کەمان، واتە دوو کەمان و ئۆکۆردیۆنێک، بەشداری فیستیڤاڵی ئەو ساڵە دەکەن و پلەی یەکەمی سەرتاسەری عێراق بەدەست دێنن وەکو تیپی منالانی ئەوساڵە لە شاری موسڵ.

لە ساڵی 1976 لە تیپی مۆسیقای سلێمانیدا وەرگیراوە و لە ساڵی 1978 بوە بە ئەندام لەو تیپە. لە تیپی زانکۆی سلێمانی و تیپی چالاکی قوتابخانەکاندا ئەندام بووە. ئەو کاتانەی لە تیپی زانکۆدا ئەندام بووە لە فیستیڤاڵەکانی زانکۆ لە شارەکانی بەغا و موسڵ و بەسرا وهەولێر و سلێمانی وەکو ئامێرژەنی ئامێری کەمان وسەنتوور هەروەها وەکو نمایشکەری جلوبەرگی کوردی بە سەرکەوتوویی بەشداربووە. هاوکاری دلێر ئیبراهیم بووە لە پێگەیاندنی ئەو منالانەی دەهاتنە دەورەی فێربوونی مۆسیقاوە لە ساڵەکانی 1976 – 1977 دا.

لەساڵی 1978 ەوە پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە و لە کۆتایی ساڵی 1979 وە بوە بە پێشمەرگە لە ڕیزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا و لە سەرەتاوە وەکو پێشمەرگە لە هەرێمی 3 لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک بەکری حاجی سەفەردا بووە و دوایی وەکو کارمەندی پزیشکی لەگەڵ دکتۆر هەژاردا بووە، دواتر چۆتە سەرکردایەتی لە نێوزەنگ وەکو بێژەر و جێبەجێکار لە ئیزگە کاری کردووە دوایی چۆتە دەورەی بێ سیمەوە و بە سەرکەوتوویی دەورەکەی تەواو کردووە و توانیویەتی دوای ماوەیەک بەشداربوانی دەورە تازەکان فێری جیهاز و مۆرس بکات، ماوەیەکی زۆر لەسەر بێسیمەکانی یەکێتی کاری کردووە وەک عدد جیهاز.

لە ساڵی 1981دا لە ئەنجامی پێشنیارکردنی بوونی تیپێکی مۆسیقا لە شاخ بۆ بەڕێز مام جەلال و پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێزیانەوە تیپی مۆسیقای شەهید کارزانی لەگەڵ هیوا زەندی درووستکردووە و کاری تیاکردووە و هەر لە درووستبوونەوە دەورێکی سەرەکی تیا بینیوە، لە ئاوازدانان و ئامادەکردن و ئامێری کەمان لێدان (هەندێکجار گیتار لێدان) بە ئاستیکی بەرز و تۆمارکردنی هەموو بەرهەمەکانی ئەو تیپە، لە هەموو ساڵەکانی بوونی تیپدا، جگە لە فیستیڤاڵی

نـەورۆز و هەڵەبجـە کـە کاک ئاکۆ حەسـەن پێـی هەسـتاوە بـە هـاوکاری ئـاراس.

لەسـاڵی 1992 چووە بۆ سـوید و پەیمانگای (بەشـی ئـای تـی) تەواوکردوە، لـە سـاڵی 1999 وە گەڕاوەتەوە کوردسـتان.

**بەرهەمەکانی:**

- شەهید ئارام
- پێشـەکیە جوان و بەرزەکەی سرودی ئاسودەبن
- شەهید شەهید
- نیشتمانم
- بڵێن بەو بوکی تازەی یەکشەوەم
- دایە تۆ منت بۆ پەروەردە کرد
- ئەگەر گوڵبای
- بیرتان ئەکەم
- ئای تەنیایی
- دەمێکە خەم
- سەربازی ون
- پارچە مۆسیقای تەلار
- ئامادەکردنی مۆسیقای رێی خەبات
- پێشـەکی گۆرانی مەڕۆ مەڕۆ
- پێشـەکی بۆ سـەرجەم بەرهەمـە فۆلکلۆریەکانی گۆرانیبێژ ئـازاد خانەقینی لـە تیپی مۆسـیقای شـەهید کارزانـدا و چەنـدیـن کاریتـر نموونەیەکن لـە بەرهەمەکانـی.



# ئەلبوومی وێنەکان



تیپی میللیی منالآن - 1977



گورگی بێشە و هەرد - یادگار فوئاد



گورگی بێشە و هەرد



تیپی مۆسیقای منداڵان



کەریم ئەحمەد ، فەرهاد قادر / بەیتی ڕێزانکێ - 1977



دانیشتووەکە شێرزاد ئەحمەد / بەیتی ڕێزانکێ - 1977



یادگار - سەنتور، بەختیار - تەپڵ، کارزان عومەر - کەمان، سەباح چاوشین - دەف / بەیتی ڕێزانکێ - 1977



مەراسیمی ناشتنی کارزان و هاوڕێکانی - سلێمانی 1978



مەراسیمی ناشتنی کارزان و هاوڕێکانی - سلێمانی  1978



مەراسیمی ناشتنی کارزان و هاوڕێکانی - سلێمانی  1978



ئاکۆ ئەمین ، ئاری قادر ، کارزان عومەر ، ئاکۆ عومەر



تیپی مۆسیقای مناڵان



تیپی مۆسیقای مناڵان



تیپی مۆسیقای مناڵان



تیپی مۆسیقای مناڵان لە تەلەفزیۆنی کەرکوک کاتی تۆمارکردن



تیپی مۆسیقای مناڵان



مامۆستا کەریم لە ناوەڕاستی تیپی مۆسیقای شێخ مەحمود



تیپی مۆسیقای شێخ مەحمود - ئاهەنگی باوکان



تیپی مۆسیقای شێخ مەحمود / تەها یاسین، فەرمان، یادگار فوئاد، کارزان، ئاکۆ ئەمین، ئاکۆ عومەر



تیپی مۆسیقای شەهید کارزان - زەڵێ 1981


NAWZENG
کۆراڵی هەڵەبجە1990..سەقز


NAWZENG
کۆراڵی هەڵەبجە 1990سەقز



ڕیزی پێشەوە: ئاسۆ کاکەیی - ترامپێت، ئازاد خانەقینی



لە ڕاستەوە: بەختیار عومەر، سەربەست حسێن، حاکم فەرهاد، شوان کەریم کابان، پشتیوان فەرەج، نەوزاد حسێن

# وێنەی ناو قەنەفەبۆر




ئەختەر عەزیز - دایکی دلێر و ئاراس

دوای ئاراسی برام، منیش لە ساڵی 1982 دا بووم بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان ، دایکم وەک خۆپاراستن، هەوڵ ئەدات هەرچی وێنەمان هەیە بیشارێتەوە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی کاربەدەستانی ڕژێمی بەعسی داگیرکەر و وەکو بەڵگەیەک بەکاری بێنن دژی دایکم، کۆمەڵێک لەو وێنانە دەکاتە ناو نایلۆنەوە و لە ناو تورەکەیەکی قوماشدا دەیپێچێتەوە و دەیخاتە ژێر جێی دانیشتنی ئەو قەنەفە سێ نەفەرییەی هەمان بوو، بەڵام هیچ لەمانە دادی نادات، چەن جارێک دەیگرن و هەر جارەی دوای ماوەیەک زیندانیکردن لە سنوورەکانی سورداش و کارێزە و مەرگە بەرەڵای دەکەن بۆ ئەوەی گوایە بڕوات قەناعەت بەکوڕەکانی بکات واز لە پێشمەرگایەتی بێنن و بگەڕێنەوە باوەشی ڕژێم، بەڵام ئەوهەر جارێک دەهات بۆ لامان، لەبەر ئەوەی کۆنتر پەیوەندی بە حیزبی شیوعیەوە هەبوو، هەرچەند دوایی وازی لێهێنابوون، بەڵام بیروباوڕی کوردایەتی وتەسلیم نەبوون و خیانەت نەکردن و پاکی و دڵسۆزی زۆر پتەوبوو لە مێشکیدا، زۆر سوور بوولەسەر ئەوەی بەردەوام بین، کە دەگەیشتە لامان هەمیشە دەی وت ئامان نەکەن خۆتان تەسلیم بکەنەوە، لێرە شەهید بن هەزارجار باشترە لەوەی بەسەرشۆڕی خۆتان تەسلیم بکەنەوە.

دایکم لەو کاتانەی بەتەنیا دەمێنێتەوە هەوڵ ئەدات بۆ شوێنەونی، لە ساڵی 1982 تا 1984، زیاد لە سێانزە جار خانووی جیا جیا دەگرێت بە کرێ و جێ دەگۆڕێ بۆئەوەی نەیدۆزنەوە، لەگەڵ ئەو شوێن گۆڕینانەشدا وای پێ باش دەبێت ماڵەکەش سووکتر بکات، بۆیە هەندێ کەل و پەلی قورس دەفرۆشێ و لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە، یەکێک لەو شتانە قەنەفە بۆر دەبێت، بەڵام لە بیری نەماوە کە وێنەکانی تیا شاردۆتەوە، ئەو کابرایەی لێی دەکڕێ، دەیەوێت هەڵی وەشێنێ و تازەی بکاتەوە، کاتێک خەریکی ئەمەدەبێت، وێنەکان ئەدۆزێتەوە، وەک خۆی گێڕاویەتیەوە لە پێشدا

وا دەزانێ پارەیە، بەڵام کە دەیکاتەوە تێدەگات وێنەیە، دیارە ئەم پیاوە پیاوێکی مرۆڤدۆست و نیشتیمان پەروەربووە، زۆرهەوڵ ئەدات دایکم بدۆزێتەوە و وێنەکانی تەسلیم بکاتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پەیدای ناکات، هەر چەن دێت بۆ گەڕەکەکە و هەواڵی دایکم دەپرسێت بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە، هیچی دەست ناکەوێت، بە پێچەوانەوە خەڵکی گەڕەک دایکم دەناسن و ئاگاداری دەکەنەوە و پێی دەڵێن کە پیاوێک بە دواتا دەگەڕێ، کەس چوزانێ ئەمە ئەو کابرایەیە کە شتی لە دایکم کڕیوە، هەرئەوەندە بەس دەبێت بۆ ئەوەی دایکم جارێکی تریش ماڵ بگوێزێتەوە نەک پەیدای بکەن، چونکە دایکیشم وا تێدەگات کە ئەم پیاوە ڕەنگە ڕژێم ناردبێتی، دەیانەوێت بەم ڕێگەیە شوێنەکەی بدۆزنەوە ودەستگیری بکەن، کابرای فەقیرناچار دەبێت لای خۆی هەڵیان دەگرێت تا کاتی ڕاپەڕین، ماوەیەک لە دوای ڕاپەڕین بە هۆی ئەوەی کە وێنەکان تیپی مۆسیقا و ئامێری مۆسیقای تیا دەبێت، کابرا هەمووی تەسلیمی ئازاد خانەقینی دەکات بەو هیوایەی ئەو بتوانێ سەری لێدەربکات و بۆئازادیشی گێڕابووەوە چی ڕووی داوە و چۆن و کەی ئەم وێنانەی دەستکەوتووە، ئازادیش وێنەکان دەناسێتەوە و ئاگاداری کردین و بۆی باسکردین و هەموو وێنەکانی بۆ هێناینەوە، ئەو کۆمەڵە وێنەیە بریتیە لەو وێنانەی لە ساڵی 1974 - 1975 دا کە من پێشمەرگەبووم لە تیپی مۆسیقای شۆڕش گیراون، ئەوانی تریش وێنەی تیپی سروود و مۆسیقای قوتابخانەی شێخ مەحمود وتیپی مۆسیقای منالانی سەر بە چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانیە.



ئەم وێنەیە لە ساڵی 1975 گیراوە، فڕۆکەیەکی ڕژێمی بەغدا بە هاوکاریی ئێرانییەکان خرایە خوارەوە، هەموو چووین بۆ بینینی
لە لای ڕاستەوە؛ نەناسراوە، دلێر ئیبراهیم، کوڕێکی مەسیحی بوو ناسیاوی ئەلبێرت عیسا و فەرید عیسا بوو (وابزانم ناوی ئەفراسیاب بوو)، عومەر سەرکار، خالید سەرکار



ئەم وێنەیە لە شوێنی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی عێراق گیراوە لە ساڵی 1975
لە لای ڕاستەوە؛ خالید سەرکار، دلێر ئیبراهیم، عومەر سەرکار، نەوزاد بابان



لە لای ڕاستەوە سێیەم کەس عوسمان محەمەد ئەمین، عومەر خەزان ... شەشەم کەس دلێر ئیبراهیم - 1974



تیپی مۆسیقای شۆڕش - 1974



ئەم وێنەیە لە بارەگای تیپی مۆسیقای شۆڕش لە چۆمان گیراوە ساڵی 1975
لە لای ڕاستەوە؛ دلێر ئیبراهیم، عومەر سەرکار - ئەوەی جگەرەکە دائەگیرسێنێ، عومەر خەزان - گۆرانیبێژ، خالید سەرکار



گۆرانیبێژ نەجمەدین لەگەڵ تیپی مۆسیقای شۆڕش - 1974



لە ڕاستەوە دووەم کەس دلێر ئیبراهیم، چوارەم کەس عومەر خەزان، عومەر سەرکار - 1974



تیپی مۆسیقای شۆڕش




ئاراس ئیبراهیم - فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە / سەقز - 1990



له ڕاستەوە: فەرەیدون عەبدولقادر، حەمەی حەمەباقی، ئەرسەلان باییز، فەرهاد سەنگاوی، ئاراس ئیبراهیم، حەمەی ئۆکۆردیۆن، مەجید خۆشناو،
ڕزگار ئیسماعیل - هۆڵی خاڵە شەهاب، نێوزەنگ 1981



له ڕاستەوە: ئاراس ئیبراهیم، کۆمەڵێک منداڵ، سۆران جەلال - پیانۆ، فازیڵ قەساب
فیستیڤاڵی نەورۆز و هەڵەبجە - سەقز 1990




بەڕێز مام جەلال، مامۆستا عەبدوڵڵا، دلێر - کرماشان 1989



بورهان، دلێر، ئاراس، بەڕێز مام جەلال - کرماشان 1989










( هـــۆره )


* لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان
– کۆمیتەی شاخ –
تیپی مۆسیقای شەهید کارزان
* ژمارە ( ١ )
* تایبەتە بە مۆسیقا
* کانوونی یەکەم ١٩٨٥
* چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ








RENGALÊ ڕەنگاڵە

گۆڤاری یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان
کۆمیتەی شاخ

ژمارە ( ٢ ) هاوینی ١٩٩٠

سەرنووسەر
فازیل قەساب

تایپ :
حەمە ڕشید
سۆران
ئاسۆس

بەرگ :
هونەرمەند ئاکۆ غەریب


▪ هەر بابەتێک لە ڕەنگاڵەدا بڵاو ئەکرێتەوە ئەعبیر لە بیرو بۆچوونی خاوەنەکەی دەکا، جگە لەو بابەتانەی بە ئیمزای سەرنووسەرو گۆڤارەکەوە بڵاو دەبنەوە .
▪ هەر بابەتێک بڵاو نەکرێتەوە خاوەنەکەی دەتوانێ داوای بکاتەوە، دوای ئەوەی فۆتۆکۆپییەکی لەبەر دەگرینەوە .
▪ چاکترە وایە لەگەڵ هەر بابەتێکی وەرگێڕدراودا بۆ کوردی وێنەیەکی دەقە ئەسڵییەکە ڕەوانە بکرێ.
▪ پاش و پێش خستنی بابەتەکان پەیوەندی بیان بە دەرهێنانی هونەرییەوە هەیە .

دلێر ابراهیم
تیۆری مۆسیقا سلێمانی
١٩٧٧

بەڕێوەبەرێتی ی بەروەردەی سلێمانی ـ مەڵبەندی چالاکی ی قوتابخانەکان


# تیۆری مۆسیقا


«نظرية الموسيقى»



ئامادەکردنی
دلێر ئیبراهیم

پیاچوونەوەی
سەلاح ڕەووف





چاپکردنی
کاوە ئەحمەد میرزا

١٩٧٧

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
هۆبەی سپاردن

ژمارە :
رۆژ : / /کوردی ٢٧٢٢

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە : ١٥٥٨
بەروار : ٢/ ٨/ ٢٠٢٢

بۆ/مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سورەکە

بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
رۆیشتوو

بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

ژمارەی سپاردنی (١٦٨٦) ی ساڵی ٢٠٢٢ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (کۆژان) لە نووسینی (ئاراس ئیبراهیم) ە ، کە بابەتەکەی(هونەری)یە بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

فەرمانبەری رێپێدراو

ئالان محمد رؤوف
بەرێوەبەر

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە /
رۆژ ٢٠٢٢/٨/٣

تێبینی:

| | |
|---|---|
| -١ | دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە. |
| -٢ | هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ |

وێنەیەك بۆ/
- دۆسیەی سپادرن
- خولاو

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦